www.gagesh.com

# کتێبی پۆلی ساوایان

## بەرگی دووەم



نووسین و ئامادەکردنی : کەریم دانشیار

سوید – 2006

# کتێبی پۆلی ساوایان

# بەرگی دووەم

نووسین و ئامادەکردنی:
کەریم دانشیار

سوید ـ 2006

ئەم کتێبۆکەیە پێشکەشە بە یادی مستەفا شێخ مەندی (شەهید شینە).

یادی ئەو کوڕە شەنگ و شیرینە، کە سەردەمێک لە پۆلی یەکی سەرەتایی دا قوتابییەکی بچکۆڵانە و ڕەزاشیرینی کلاسەکەم بوو .
دواییش لە خوێندنی دەوری ناوەندی دا کوڕە گەنجێکی ژیکەڵانەی پۆلەکەم بوو.
دواییش لە شاخ و پێشمەرگایەتی دا، هەر دوومان بووینە ئەڤینداری ڕێبازێکی پیرۆز.
ئەو وەفادارانە گیانی دەبەر ئاواتی بەرزی مراند و یادی ئەو بۆم بوو بە ئەڤینێکی هەتا سەر زیندوو. نەخشاندنی ئەم یادنامەیە، تروسکەیەکی بچکۆڵانەیە لە ئەڤینی شەهید شینەی زانا و ئازا لە ژیانەکەی مندا.

کەریم دانشیار


******

هەموو لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، بە مەرجێک ئەگەر بۆ کەڵک لێ وەرگرتن بشێ و شیاوی دەکارهێنانیان بێت، ئەوا هەموو کەسێک بۆی هەیە دەکاریان بێنێت، بەڵام بۆ فرۆشتن قەت قەت نا !

مامۆستا :


ـ ئەم پێنج مشکە، کە لە سەر چوار سەکۆی سوور، سپی ، زەرد ، سەوز و ڕەش دانیشتوون و سەیری ئێوە دەکەن، پێیان خۆشە بزانن سەکۆکانیان بە چ قەڵەمێک نەخشێنداوە.

لە خوارەوە ( پێنووس)ی ڕەش بە سەکۆی ڕەش لکێندراوە. ئێوەیش هەر یەک لەم چوار پێنووسانە بە سەکۆیەکەوە بلکێنن، کە پێی نەخشێندراوە.



مامۆستا :

ـ ئێوە لەم لاپەڕەیەدا چرای (فەرمان)ی چوارڕێیانی جادە دەبینن.
ئەگەر چرای (فەرمان) سوور دابگیرسێت، بە ماشێنەکان دەڵی :
" هەر ماشێنێک کە لەم بەرەی جادەیە ، هەتا کوژانەوەی چرای سوور ، دەبێ ڕابوەستێت و سەبر بگرێ ".
دوای چرای سوور، چرای زەرد دادەگیرسێت. چرای زەرد بە خاوەنی ماشێنەکان دەڵی:
" خۆتان ئامادە بکەن بۆ ڕۆیشتن! "
ـ دوای چرای زەرد ، چرای سەوز دادەگیرسیت. چرای سەوز بە خاوەنی ماشینەکان دەڵی :
" گورج بن ، وەڕێ کەون! "



مامۆستا :


ـ ئێوە لەم چوار ڕێیانە بڕوانن.

ئەو بەرە شەقامەی کە چرای سووری بۆ داگیرساوە، بە ماشێنەکان دەڵێ :

" ئێوە دەبێ ڕاوەستن هەتا چرای سوور دەکوژێتەوە! "

بەڵام ئەم بەرە شەقامەی کە چرای سەوزی بۆ داگیرساوە، چرای سەوز پێیان دەڵێ :


" فەرموون نۆرەی ئێوەیە ! "



مامۆستا :


ـ ئێوە سەیری ئەم چوار ڕێیانە بکەن و بڵێن چی ڕووی داوە ؟

بەبڕوای ئێوە ئەم ماشێنانە بۆچی یەکجێ هاتوونەتە نێو چوار ڕێیانەکە و هۆی چییە خۆیان بە یەکتر دا کێشاوە ؟




ماموٚستا :

ـ من دوو چرای ڕەنگ سوورم لە خوارەدا بینیوە، لە چوارخانەی چرای سوور دا دوو خاڵم داناوە و دوو چرا سوورەکانیشم دەستنیشان کردون.
ئێوەش چرا زەرد و سەوزەکان بژمێرن و لە چوارخانەکانیان دا خاڵ دابنێن و بە کێشانی دوو خەت، چراکان دەستنیشان بکەن.




ماموٚستا :


ـ ئەم چرایە، چ ڕەنگە ؟



ـ لێرەدا چەند چراتان هەیە ؟




ـ لێرەدا چەند چراتان هەیە، ئەوەندە خاڵە لە چوارخانەکەی دابنین.




ـ لێرەدا چەند چراتان هەیە ؟


من پێم وابووە لێرەدا سێ چرامان هەیە، بۆیە لە چوارخانەکەیدا سێ خاڵم داناوە، ئایا ئەم ژمارە خاڵە ڕاستە؟ ئەگەر ناڕاستە، ئێوە لە چوارخانەی دیکەدا خاڵی تەواو دابنێن و هەڵەی من ڕاست کەنەوە




- لێرەدا چەند چراتان هەیە؟
بۆ ئەوەی کە نیشان بدەم لێرە دا هیچ چرایەکمان نییە، من ئەم نیشانە نێو زگ بەتاڵەم داناوە.
ئەم نیشانەیە دەڵێ، لێرەدا ئێمە هیچ چرایەکمان نییە .




- لێرەدا چەند چراتان هەیە ؟
بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن چەند چراتان هەیە، لە چوارخانەی ژێرەوەی دا چەند خاڵ دادەنێن ؟



- ئەم چرایە چ ڕەنگە ؟




- چەند چراتان هەیە، ئەوەندە خاڵە لە چوارخانەی ژێرەوەیان دابنێن.




- لێرە چەند چراتان هەیە ؟

ئایا چراکانتان لە یەک ڕەنگن ؟

لە چوارخانەی ژێروەیاندا چەند خاڵ دادەنێن ؟




- چراکانتان لە چ ڕەنگێکن ؟ لە چوارخانەی ژێر چراکانتان دا چەند خاڵ دادەنێن ؟




- لێرەدا چەند چراتان هەیە ؟

دوو چرایان سوورن، چراکانی تر لە چ ڕەنگێکن ؟


من بۆ هەموو چراکانتان سێ خاڵم داناوە ، چراکانتان بژمێرن و بڵێن ئایا ژمارە خاڵەکانی من ڕاستن، ئەگەر ناڕاستن، ئێوە بۆم ڕاست کەنەوە .



ـ من بۆ ئەم چرایانەتان یەک خاڵم لە چوارخانەکەیاندا داناوە. ئێوە چراکانتان بژمێرن و خاڵی تەواو دابنێن.




ـ لێرەدا چراتان هەیە ؟
چەند چرای سوور ؟
چەند چرای زەرد ؟
چەند چرای کەسک ؟
لە چواخانەکانیاندا خاڵ دابنێن .
کەمترین ژمارە خاڵ کامیانە ؟
زۆرترینیان کامیانە ؟




مامۆستا :

ـ ئەمە مۆزە. ڕەنگی ئەم مۆزە چییە ؟




ـ چەند دەنکە مۆزتان هەیە ؟



ـ لێرەدا چەند دەنکان دەبینن ؟


ئایا ئەوەندە خاڵەی کە من دامناوە، دەگەڵ ئەوەندە دەنکە مۆزانە بەرامبەرن ؟

ئەگەر خاڵەکانی من کەمن، ئێوە لە چوارخانەکەی تر دا ژمارەی تەواو دابنێن.




ـ لێرەدا چەند دەنکە مۆزان دەبینن ؟ ئایا لە چوارخانەکەیدا هیچ خاڵ دادەنێین ؟


ـ چەند دەنکە مۆزتان هەیە، ئەوەندە خاڵ دابنێین.




ـ مۆزەکان بژمێرن .
من چەند دەنکم دەستنیشان کردووە و چەند خاڵم داناوە ؟
ئایا خاڵەکانی من ڕاستن ؟




- مۆزەکان بژمێرن.
چەند دەنکن ؟
لە چوارخانەی ژێرەوەیاندا چەند خاڵ داندراوە ؟
ئێوەیش ئەوەندە مۆزە دەستنیشان بکەن کە خاڵی بۆ داندراوە.




- ئەم مۆزانە بژمێرن .
چەند دەنکن ؟
چەند دەنکیان دەستنیشان کراون ؟
ئێوە بۆ نیشاندانی مۆزە دیاریکراوەکان، چەند خاڵ دادەنێن ؟




ـ لێرەدا ئەم چوار ڕنگانە دەبینن :
سوور   زەرد   ڕەش   کەسک



لێرەدا من ڕەنگی کەسک و زەردم دەستنیشان کردوون، ئێوەیش ڕەنگی سوور و ڕەش دەستنیشان بکەن.



لە بەرامبەر چوار ڕەنگەکاندا لیمۆ داندراوە. لە چوار ڕەنگەکان کامیان لە ڕەنگی لیمۆکە دەچێت ؟



ـ لیمۆ ، میوەی داری لیمۆیە.
ئەم دار لیمۆیە، چەند لیمۆی هێناوە؟
من لە چوارخانەکەیدا بە هەڵە دوو خاڵم داناوە.
ئێوە هەڵەکەم بۆ ڕاستە کەنەوە و ژمارە خاڵی تەواو دابنێن .



تامی لیمۆ زۆر ترشە.
ئێوە پێتان وایە سارا چی خواردووە کە بەمجۆرە چاوی قوچاندووە و دەمی پێیک داداوە ؟



مامۆستا :

ـ ئەم دوو کچانە ، خوشکن.

هەر دوو خوشکەکان لە یەک ڕۆژ دا لە دایک بوون.

سارا چاویلکەی دە چاو دایە.

تارا کڵاوێکی زەردی بە سەرەوەیە.



لە ڕۆژی جەژنی لە دایکبوون دا، سارا و تارا گوڵ بە یەکتر دەدەن.

گوڵی دەستی سارا چ ڕەنگێکە ؟

ڕەنگی پێڵاوەکانی سارا چییە ؟



ـ تارا و سارا لـه یـەک ڕۆژ دا لـه دایک بوون.
سارا و تارا دووانـەن .



ـ هـەنار و هاوڕێ خوشک و بران .
هاوڕێ و هـەنار دووانـەن.
هـەنار و هاوڕێ لـه یـەک شـەو دا لـه دایک بوون.



ـ هەنار حەز بە سەمای بالە دەكا.
هەنار لە مانگ دا چوار جاران دەچیتە فێرگەی بالە.



ـ هاوڕێ حەزی لە نیگارکێشانە .
هاوڕێ لە مانگ دا دوو جاران دەچێتە فێرگەی نیگارکێشان.



ـ هەنار و براکەی ڕۆژانی هەینی دەچنە گەمەی فڕۆکەوانی.
هەنار دو جاران سواری فڕۆکە دەبێ.



هاوڕێ و خوشکەکەی ڕۆژانی هەینی دەچنە گەمەی فڕۆکەوانی.
هاوڕێ پێنج جاران سواری فڕۆکە دەبێت.
هەنار زۆرتر فڕۆکەوانی دەکات یان هاوڕێ؟



مامۆستا :

ـ زارا و دارا تۆپێن دەکەن .

دارا لە نێو دەروازە دا ڕاوەستاوە و زارا شەق لە تۆپ دەدا.

ئایا دارا توانیوێتی تۆپەکە بگرێتەوە ؟



ـ دارا و دانا تۆپێن دەکەن .

دانا لە دەروازەدا ڕاوەستاوە و دارا شەق لە تۆپ دەدا .

ئایا دارا توانیوێتی تۆپەکە دە دەروازە بکات و گۆڵ بکات؟



مامۆستا :

ـ ئەمانە لە سیرک دا یاری دەکەن و پێکەنین دەخەنە سەر لێوی منداڵەکانەوە.

ئەم ئەکتەرانە لە کوردستاندا پییان دەگوترێ :(ئیشکەڕن).

لە ژێرەوە، ئیشکەڕنێک دەبینین کە لە دوو سیرک دا یاری کردووە.

ئەگەرچی ئیشکەڕنەکە لە هەر دوو سیرکەکاندا یەک چەشنە پۆشاکی دەبەر کردووە، بەڵام سێ جیاوازیی بچوکیشیان تێدا دەبیندرێت.

سێ جیاوازییەکان بدۆزنەوە و بە قەڵەمەکەتان دەستنیشانی بکەن.





مامۆستا :

ـ لە ژێرەوە دوو کانیاو و دوو حەوز دەبیندرێن.
هەرجێیەک ئاوی لێ بێ ، دار و گوڵ و گیا و باڵندەشی لێ دەبێت.
ئێوە سەیری ئەم دوو کانیاو و دوو حەوزانە بکەن و بڵێن ئایا ژمارەی گوڵ و باڵندەکانی دەور و بەریان یەکسانن ؟





مامۆستا :


ـ سەیری ئەم دوو حەوزانە بکەن.


لە هەورەکانەوە باران دایکردووە.

ئەگەر باران بباریَ، ئاوی حەوزەکان کەم دەکەن، یان زیاد دەبن ؟





مامۆستا :
ـ سەیری ئەم دوو حەوز و ئاوە بکەن . لەم دوو حەوز و ئاوە دا چی دەبینن ، بۆمانی بڵێن .





ـ ئێستا سەیری ئەم دوو حەوزە بکەن !
ئایا لەم دوو حەوزانەدا ئاو دەبیندرێ؟
لە حەوزەکاندا گوڵ و گیا و ماسی و باڵندە دەبیندرێن ؟
ئێوە پێتان وایە ئەم دوو حەوزە بۆچی بێ ئاون و بۆچی هیچ گوڵ و گیا و باڵندەیەک نابنە میوانیان ؟





مامۆستا :


ـ ئەم دوو سەگە لە ڕەنگ دا جیاوازن، بەڵام جیاوازییەکی دیکەشیان هەیە. ئەو جیاوازییەی تریان چییە ؟






مامۆستا :


ـ ئەم دوو کەرە لە ڕەنگ دا جیاوازن، بەڵام جیاوازییەکەیان هەر لە ڕەنگەکانیان دا نییە و جیاوازییەکی تریشیان هەیە، جیاوازیی تریان چییە ؟






مامۆستا :

ـ ئەمە شاخی بزنە .




بزن شاخدارە. شاخی بزن تیژە.

چ جیاوازییەک لەم سێ بزنە دا دەبینن ؟





مامۆستا :

ـ ئەمە شاخی گاکێوی یە.




شاخی گاکێوی گەورەترە لە شاخی بزن .






لەم سێیانە، کامیان شاخی نییە ؟




مامۆستا :

ـ ئەمە کەرە. گوێچکەی کەر، درێژە.



لەم چوارانە ، گوێچکەی کامیان بچووکترە، ئەم نیشانەیە (ـ) دابنێن .




مامۆستا :

ـ لێرەدا ئەمانە دەبینین :


زەرافە   بەراز   سەگ   مێرووله

ـ ئەمە قاچی کامیانە ؟




ـ قاچی کامیان درێژترینیانە ؟










ماموٚستا :

ـ لێرەدا ئەمانە دەبینین :

بەراز      پشیلە      بۆق      مندال

ئەم چوارانە چییان کردووە و لە چ حاڵ دان ؟







مامۆستا :


ـ لێرەدا چی دەبینن ؟

ئێوە پێتان خۆشە لە کام ماڵدا میوان بن ؟




مامۆستا :

ـ ئەمە دەندوکی باڵندەیە.




سەیری دەندوکی ئەم باڵندانەی ژێرەوە بکەن.
ئایا هەموویان یەک چەشنە دەندوکیان هەیە؟
دەندوکی کامیان درێژترین دەندوکە، ئەم نیشانەیەی (+) لە ژێر بدەن.



مامۆستا :

ـ ئەم باڵندەیە پەلیکانە و بە کوردی (کەڵک)ی پێ دەڵێن.




دەندوکی کەڵک زۆر گەورەیە.
کەڵک باڵندەیەکی ماسیخۆرە.
ژێر دەندوکی کەڵک، تورەکەیەکی گەورەی پێوەیە.
کەڵک لە ئاوی چۆم و دەریا دا ڕاوەماسی دەکا.
دەندوکە مەزنەکەی بە نێو ماسییەکاندا دەگێڕێت و پڕ بە تورەکە مەزنەکەی ماسی و ئاو هەڵدەگرێ، ماسییەکان قوت دەدا و ئاوەکە دەردەداتەوە.






مامۆستا :

ـ ئەمە دەندوکی مراوی یە.



دەندوکی کەڵک کامیانە بەم نیشانەیە (++) دەستنیشانی بکە .






مامۆستا :

ـ ئیمڕۆ دەمەوێ داستانی دایکە باڵندەیەکتان بۆ بگێڕمەوە.
ئەو دایکە باڵندەیە چەند ساڵێک بوو لە دەم دەریایەک دا دەژیا و هێلانەکەشی هەر لەوێ ساز کردبوو.





باڵندەکە ئەمساڵیش وەک جاران حەوت هێلکەی کرد بوو. پاش ماوەیەک، ڕۆژێک دیتی کە یەکێک لە هێلکەکانی دەمی کردۆتەوە و جوجەڵەیەکی وردیلانە سەری هێناوەتە دەر.



دایکەکە دەبوایە بەخێرایی بچێتە دەریا و چەند وەردە ماسی بۆ جوجەڵەکەی بێنێتەوە. زۆر گەڕا، بەڵام ماسی بۆ نەدۆزرایەوە.



ناچار لە ئاو هاتە دەر و بە قەراغ ئاو دا گەڕا. زۆر گەڕا، بەڵام هیچی بۆ نەدۆزرایەوە.



لەپڕ ، لە دوورەوە دوو شتی سەیری هاتە بەر چاو. بە پەلە بۆ شتەکان چوو. ئایا دەزانن شتەکان چی بوون ؟

شتەکان ئەمانە بوون.





چەند مانگ پێشتر، چەند کچ و کوڕ بۆ مەلە کردن هاتنە ئەم شوێنە . دوای مەلەکردن ، هەتا توانیان خواردیان و خواردیانەوە. دوایەش هەرچی نایلۆن و کاغەز و تەنەکەی پێیان بوو، لە نێو گژ و گیا دا جێیان هێشت و ڕۆیشتن.

دایکەکە بۆ دۆزینەوەی وردە شتی خواردن و تێرکردنی جوجەڵەکەی، زۆر گەڕا. هات و هات ، هەتا گەیشتە لای ئەم دوو تەنەکە کۆنە ژەنگاوییە.



چەند جارانی دەندوک پێ دادان، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە. لە پڕ دەندوکە تیژە درێژەکەی کەوتە نێو قلْفی تەنەکە کۆنە ژەنگاوییەکە و هەرچی کردی، بۆی دەرنەهاتەوە.



دایکەکە زۆری هەوڵ دا دەندوکی لە چنگ تەنەکە شکاوەکە بستێنێتەوە، بەڵام بۆی نەکرا.

ماویەک لەسەر پێ ڕاوەستا و چاوی گێڕا. دایکەکە چاوی لە ڕێگایەک بوو کە زۆر جاران کوڕ و کچەکان پێیدا دەهاتن. بەڵام ئەو ڕۆژە کەس نەهات یارمەتییەکی بکات و دەندوکی لە چنگ ئەو تەنەکە ژەنگاوییە بستێنێتەوە.

دایکەکە بە دڵتەنگی لە سەر زیخی کەنار دەریاکە ڕاکشا، بەڵام دڵی هەر بەلای جوجەڵەکەیەوە بوو.


دوای دوو ڕۆژی تر، جوجەڵەیەکی دیکەش سەری لە هێلکە هێنایە دەر، بەڵام دایکیان بە خۆراکەوە نەگەڕاوە لایان .



جوجەڵەکان برسی بوون و بانگی دایکیان دەکرد. دایکیان لە سەر زیخی دەم دەریا دا کەوتبوو.




دایک و جوجەڵەکان ئەگەر وەکی ئێوە زمانی قسەکردنیان بوویایە، داوایان لە ئێوەی منداڵ دەکرد کە ڕێ بە کەس نەدەن لە سەیرانگاکاندا شتی بەکار نەهاتوو فڕێ بدەن و ژیانی دایکێک و حەوت جوجەڵانی بستێنن.
جوجەڵەکان خەونی گەورەبوون و فڕین دەبینن . لە خەو دا دەبینن دەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانیان بە سەر دەریاکاندا هەڵدەفڕن.



مامۆستا :

ـ ئەمانە خەریکی چین و چ دەکەن ؟

ئایا ئێوەیش حەز دەکەن لە یەکێک لەم پێنج گروپانە دا بن ؟


منیش حەز بە مۆسیقا دەکەم و گۆرانی و هەڵپەڕکێشم زۆر پێ خۆشە .











ـ ئەمانەش دەستەی موزیکن.

ئەمانەی ژێرەوەش ئامێری مۆسیقان.


ئایا دەستەی موزیکی سەرەوە، هیچکام لەم ئامێرانەیان پێیە ؟






مامۆستا:

ـ لێرەدا دە چەشنە میوەتان هەیە. هەرکەس میوە زیاتر بخوا، ساغتر و گەش و جوانتر دەبێ .
ئێوە کێهە میوەتان زۆر پێ خۆشە، ئەم نیشانەیە (+) لە چوارخانەکەی دابنێن.
من حەزم لە هەموویانە و لە جیاتی منیش ئەم نیشانەیە لە هەموو چوارخانەکان دابنێن.
حەزی من زیاترە، یان هی ئێوە ؟




مامۆستا :

ـ لەم سێ ماشێنە بارهەڵگرانە، کامیان درێژترینیانە، ئەم نیشانەیە (+) لە چوارخانەکەی دابنێن.


دووکەڵکێشی یەکێک لە ماشێنەکان دووکەڵ دەداتە دەر.


ئایا ئێوەیش دەتوانن لە دوکەڵکێشی ماشینەکانی دیکەدا دووکەڵ بدەنە دەر ؟




www.gagesh.com

ـ لێرە دا سێ ماشێنی بارکێشتان هەیە.
کامیان کورت ترینیانە، ئەم نیشانەیە (ـ) لە چوارخانەکەی دابنێن.







مامۆستا :

ـ گوڵاڵەخانم پوری گەلاوێژە.

گەلاوێژ پوری خۆی زۆر خۆش دەوێ.

پورە گوڵاڵە زۆر جاران دێتە سەردانی گەلاوێژ.

گەلاوێژ هەموو جاریکیش پێڵاوکانی پورە گوڵالە دەشاریتەوە هەتا زۆرتر بەلایەوە بمێنیتەوە.

گەلاوێژ، ئەمجار پێڵاوێکی پورەگوڵاڵەی لە کوێ شاردۆتەوە ؟



مامۆستا :

ـ سەگە زەرد لە بەر دەگاکەی خۆیدا دانیشتووە.

مشکەبۆر لە سەربانی ماڵی سەگە زەرد دا ڕاوەستاوە و گۆرانی دەڵێ .


سەگە زەرد دەنگی مشکەبۆری پێ خۆش نییە.



ـ مشکەبۆر هەر وا خەریکی گۆرانی گوتنە.
ئێستا سەگە زەرد لە کوێیە و چی کردووە؟
ئەگەر مشکەبۆر چاوێک لە پشتەوەی خۆی بکا ، بڵێی نەترسێت و هەروا گۆرانی بڵێ ؟




ـ ئەرێ مشكەبۆر ئێستاش هەر خەریكی گۆرانی گوتنە ؟
سەگە زەرد لە كوێ دانیشتووە ؟



مامۆستا :

ـ لێرەدا ئەمانە دەبینن :

مامە شوانە   خۆڵ  ئاو  هەتاو



ـ مامه شوانه بۆ چاندن و شین کردنی دار و گوڵ و گیا، ئەم سێیانەی پێویستن :

هەتاو



ئاو



خاک (خۆڵ)



مامۆستا :

ـ ئێرە دوکانی مام بارامە.


مام بارام دانەوێڵە دەفرۆشێ .

مام بارام دانەوێڵە لە مامە شوانە دەکرێ و لە دوکاندا بە خەڵکی دەفرۆشێتەوە.

دانەوێڵەی مام بارام ئەمانەن :


| | | | |
|---|---|---|---|
| گەنم | جۆ | فاسولی | گەنمەشامی |
| نۆک | ماش | نیسک | توو(تۆوی گوڵەبەڕۆژە) |

فاسولی و لۆبیا و باقلە یەک شتن .



مامۆستا :

ـ مامە شوانە و کوڕەکەی کار دەکەن .




ئەمە برای مامە شوانەیە .




ئێوە پێتان وایە براکەی مامە شوانە خەریکی چییە ؟

مامۆستا :

ـ دوای چەند ڕۆژێک، لۆبیاکانی مامە شوانە چەکەرە دەدەن و سەر لە زەوی دەردێنن .





ـ ئەمە یەکێک لە لۆبیاکانی مامە شوانەیە .



فاسولییەکانی مامە شوانە دوای مانگێک گەورە دەبن.



ـ ئەگەر گەرما و ڕوناکیی ڕۆژ نەبوایە !

ـ ئەگەر ئاو نەبوایە!

ـ ئەگەر خۆڵی زەوی نەبوایە !


ـ ئەگەر مامە شوانە نەبوایە !














تۆ بڵێی لە دوکانی مام بارام دا دەنکە دانەوێڵە دەست کەوتبایە ؟

مامۆستا :

ـ مامە شوانە وەرزێرە .

وەرزێر کەسێکە ، کە دانەوێڵە دەچێنێ.


مامە شوانە فاسولی دەچێنێ، نۆک دەچێنی ، گەنم دەچێنێ، جۆ دەچێنی.

لێرەدا مامە شوانە لەنێو داچیندراوکەیدا بانگ لە ئێوە دەکات و دەڵێ :

ـ منداڵینە دانەوێڵەکانی من ببینن.

ـ منداڵینە دانەوێڵەی من ئەمانەن:

نۆک جۆ گەنم



مامۆستا :

ـ مامه‌ شوانه‌ وه‌رزێره‌ .

وه‌رزێر كه‌سێكه‌ ، كه‌ دانه‌وێڵه‌ ده‌چێنێ.

مامه‌ شوانه‌ فاسولی ده‌چێنێ، ماش ده‌چێنی ، نیسك ده‌چێنێ،


باقله‌(فاسولی) ده‌چێنی.

لێره‌دا مامه‌ شوانه‌ له‌نێو داچیندراوكه‌ی دا بانگ له‌ ئێوه‌ ده‌كات و ده‌ڵێ :

ـ منداڵینه‌ وه‌رن دانه‌وێڵه‌كانی من ببینن.

ـ منداڵینه‌ دانه‌وێڵه‌ی من ئه‌مانه‌ن:

ماش    نیسك    باقله‌(فاسولی)



مامۆستا :

ـ مامە شوانە وەرزێرە .

وەرزێر کەسێکە ، کە دانەوێڵە دەچێنێ.

مامە شوانە فاسولی(لۆبیا ) دەچێنی ، گەنمە شامی دەچێنێ، توو( تۆو) دەچێنی.

لێرەدا مامە شوانە لەنێو داچیندراوکەی دا بانگ لە ئێوە دەکات و دەڵێ :

ـ منداڵینە وەرن دانەوێڵەکانی من ببینن.

ـ منداڵینە دانەوێڵەی من ئەمانەن:

فاسولی      گەنمە شامی      توو





فاسولی(باقلە سوورە)



گەنمەشامی



توو (تۆو)

ـ مامە شوانە وەرزێرە.
وەرزێر کەسێکە دانەوێڵە دەچێنێ.


ئەمانە دانەوێڵەی مامە شوانەن :


نۆک


جۆ


گەنم


ماش


نیسک


فاسولی (باقلە)


فاسولی


گەنمە شامی


توو(تۆو)

مامۆستا :

ـ ئێمەیش وەک مامە شوانە دەتوانین چەند دەنکە فاسولی لە زەرفێکدا بچێنین.




ـ لۆبیاکانی ئێمەیش وەکی فاسولیەکانی مامە شوانە، دوای دوو مانگ ، گەورەتر دەبن ، گول دەکەن و بەر دێنن .




ماموٚستا :

ـ ئەم چوار ئاڵا بەدستە دەڵێن :


بۆ سەرەوە لای !




بۆ خوارەوە !



بۆ لای چەپ !



بۆ لای ڕاست !




مامۆستا :

ـ ئەم ئالا بەدەستانە دەڵێن چی و فڕۆکەکان بەرەو کوێ دەچن ؟ ئایا فڕۆکەوانەکان گوێیان داوەتە ئاماژەی ئالا بەدەستەکە ؟


کێهە فڕۆکەوان گوێی داوەتە ئاماژەی ئالا بەدەستەکە، ئەم نیشانەیەی (+) بۆ دابنێن و کامیان گوێی نەداوەتێ، ئەم نیشانەیەی( ـ ) بۆ دانێن.

ـ ئەم ئالا بەدستە دەڵێ :

بەرەو سەر بڕۆ !




ئایا ئەم فڕۆکە کەسکە بەرەو سەر ڕۆیشتووە ؟




ـ ئەم ئاڵا بەدستە دەڵێ :

ـ بەرەو خوارەوە بڕۆ !




ئایا ئەم دوو فڕۆکە شینانە بەرەو خوار ڕۆیشتوون ؟






ـ ئەم ئاڵا بەدستە دەڵێ :

ـ بۆ لای چەپ برۆ !




ئایا ئەم دوو فڕۆکانە بەرەو چەپ ڕۆیشتووە ؟




ـ ئەم ئالاّ بەدستە دەلّێ :

ـ بۆ لای ڕاست برۆ !




ئایا ئەم دوو فرۆکانە  بەرەو ڕاست ڕۆیشتوون ؟



مامۆستا :

ـ نازدار دەگەڵ دەستە خوشکەکانی مەرجیان کرد هەرکەس بچێتە سەر ئەم سەکۆ بڵیندە ، ئەو کەسە پاڵەوانە.




نازدار وەسەر کەوت بەڵام نەیتوانی بێتەوە خوار.

نازدار زۆر ترسا .

نازدار بۆ هاتنە خوار لەم سەکۆ بڵیندە، دەبێ چی بکات ؟

مامۆستا :

ـ ئەمەی کە ئاسۆ و سەیوان پێیانە چییە ؟




ئێوە پێتان وایە سەیوان و ئاسۆ دەیانەوێت چی بکەن ؟

مامۆستا :


ـ ئاسۆ نەردیوانەکەی لە پای سەکۆکە دانا و بە نازداری گوت :

" نازدار من پەیژەکەم گرتووە، تۆ مەترسە و پێ بنێ بەسەر پێپیلکەکانەوە و وەرە خوار.




ـ ئێوە پێتان وایە نازدار لەم سەکۆ بەرزە بتوانێ بێتە خوار ؟

ـ نازدار پێی لەسەر یەک یەکی پێپیلکەی پەیژەکە دانا و هاتە خوار.
هەر ئەودەم کە نازدار هاتە خوار ، بە سەیوان و ئاسۆی گوت :
" کوڕینە شەرت بێ ئیتر قەت وەسەر جێگایەک نەکەوم کە نەتوانم لێی دابەزم.



مامۆستا :

ـ ئەم وێنەیە باسی چی دەكات ؟



ئەم بەچكە ئاسكە دەمی كردۆتەوە و كەروێشكە بۆر سەیری ددانەكانی دەكات، تۆ بڵێی كەروێشكە بۆر دوكتۆری ددانان بێت ؟



ـ لێرەدا دوکتۆری ددانان و مستۆ دەبیندرێن.




مستۆ لە ساڵدا دوو جاران دەچێتە لای دوکتۆری ددانان. هەر جارێکیش کە مستۆ دەچێتە لای دوکتۆر، چونکە مستۆ باش بە ددانەکانی ڕاگەیشتووە، ئافەرینێک و فرچەیەک و هەویرێکی ئەستێرەنیشانی ددانان لە دوکتۆر وەردەگرێ.



شەوانە، بەر لە خەوتن، مستۆ ددانەکانی دەشوات و کەلێنەکانی بە چیلکە و دەزووی تایبەت خاوێن دەکاتەوە.

فرچەی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان .




چیلکەی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان .



دەزووی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان .




(میل)ی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان.



مامۆستا :

ـ ئەوانەی شەوانە بەر لە خەوتن، کەلێنی ددانەکانیان باش خاوێن ناکەنەوە و ددانەکانیان بە فرچە و هەویری ددان ناشۆن، تووشی ددان ئێشە دەبن.




ژانی ددان ناخۆشە.

گەزیزە ددانی ژان دەکا .
گەزیزە دەبێ چی بکا لە دەست ژانی ددان ڕزگاری بێت؟



ئاڕمان توکی سەری وەریوە.
ئاڕمانە کەچەڵ شەوانە بەرلە خەوتن، ددانەکانی خاوێن ناکاتەوە و دەخەوێ.
ئێستا ئاڕمان ددانی ژان دەکات.
ئاڕمان دەبێ چی بکات ژانی ددانی لە کۆڵ بێتەوە.



ـ گەزیزە و ئارمان دەبێ بچنە لای دوکتۆری ددانان.
ئارمان و گەزیزە دەبێ لە قسەکانی دوکتۆر دەرنەچن و باش بە ددانەکانیان ڕابگەن.
شەوانە، بەر لە خەوتن کەلێنی ددانەکانیان باش خاوێن کەنەوە و بە فرچە و هەویری ددان، دەم و ددانیان باش بشۆن.

ـ ئەگەر شەوانە بەر لە خەوتن ددانەکانمان بە فرچە و هەویری ددان بشۆین و بەشی پشتەوە و کەلێنی ددانەکانمان باش خاوێن بکەینەوە، تووشی ددان ئێشە و ددان کێشان نایەین.

دوکتۆر سەیری ددانەکانی هیوا دەکات.

دوکتۆر دەڵێ : دوو ددانی هیوا تووشی نەخۆشی هاتوون و پێویستیان بە پڕ کردنەوە و نەوژەن کردنەوە هەیە.



دوکتۆر بە مام ڕەجەب دەڵێ :



ـ مام ڕەجەب ! تۆ هیچ شەوێک بەر لە خەوتن ددانەکانت نەشوردوون. هەموو ددانەکانت نەخۆشن و دەبێ هەموویان دەرێنین و ددانی دەسکردت بۆ دابنێینەوە.


www.gagesh.com

ماموستا :

ـ ددانەکانمان چلۆن بشۆین و خاوێنیان بکەینەوە ؟

1ـ بەم شێوەیە کە لە خوارەوە دەیبینن، کەلێنی ددانەکانمان بە (میل) و چیلکە و دەزوو، خاوێن دەکەینەوە .













دوایە بە فرچەی نەرم و هەویری ددان، لە سەرەوە بەرەو خوا و لە هەموو لایەکەوە ددانەکانمان دەشۆێن و بە فرچەی نەرم پوک(گۆشتی ددان)ەکانمان دادەماڵین.















ـ دۆستانی ددانەکانمان بناسین !



ـ دۆستانی ددانەکانمان بناسین !

سەوزی و میوە باشترینی دۆستانی ددانەکانی ئێمەن .





ـ دوژمنانی ددانەکانمان بناسین !

جگەرەکێشان دوژمنی ددانەکانمانە .





ـ خواردنی شیرنی و قەند و قاوە و چایی و ساردی بۆ ددان باش نییە.

ـ بۆ ئەوەی کە ئەمانە زیان بە ددانەکانمان نەگەیەنن ، پێویستە دوای خواردن و خواردنەوەیان ددانەکانمان بشۆین.






ـ کەژاڵ لە ساڵدا دوو جاران دەچێتە لای دوکتۆری ددان.
کەژاڵ هەموو شەو، بەر لە خەوتن، ددانەکانی خاوێن دەکاتەوە و بە فرچە و هەویری ددان دەیان شوات.




ـ فەرهاد برای کەژاڵە.
فەرهادیش دەگەڵ کەژاڵ دەچێتە لای دوکتۆر و هەر وەک خوشکەکەی باش بە ددانەکانی ڕادەگات.



کەژاڵ و فەرهاد پێیان خۆشە ددانەکانیان وەک ددانەکانی ئەم خانمە سپی و ساغ و جوان بمێنێتەوە.



مامۆستا :


ـ شەهێن و شەهلا خوشکن.



شەهێن و شەهلا حەز بە گوڵ و گیا و دار و درەخت دەکەن.
شەهێن و شەهلا دەیانەوێ دوو گوڵی زۆر جوان لە دوو گوڵدان دا بچێنن و لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیان دا دەی بنێن.




کاکتۆس



گوڵ

ـ شەهێن و شەهلا بۆ سازکردنی دوو گوڵدان، ئەم شتانەیان پێویستە :

گوڵدان ( ئینجانە)
دەستەوانە
بێڵچۆکە
ستڵ
خۆڵی گوڵدان
ئاو
ئاوپاش



گوڵدان (ئینجانە)



دەستەوانە









ـ شەهێن و شەهلا دوو چەشنە گوڵیان لە گوڵدانەکانیان دا چاند.





گوڵدانی شەهێن گوڵی تێدا چاندراوە.




گوڵدانی شەهەلا کاکتۆسی تێدا چاندراوە.

مامۆستا :

ـ پەرەنگ لە حەوشەی ماڵەکەیاندا سێ گوڵی چاندووە.
پەرەنگ بەچکە پشیلەیەکیشی هەیە.
پشیلەکەی پەرەنگ لە حەوشە دا دێت و دەچێت.



پەرەنگ بانگی دەکا :
ـ پشە خانم وەرە با گوڵەکانمان ئاو بدەین. پشەخانم ئەگەر گوڵەکانمان ئاو نەدەین، سیس دەبن و دەمرن.

ـ پشکۆ برای پەرەنگە.
پەرەنگ برای خۆی زۆر خۆش دەوێ.

پشکۆ سێ کاکتۆس و توتەڵە سەگێکی هەیە.



پشکۆ بانگی سەگەکەی دەکا :

قەندی گیان وەرە !
قەندی گیان ئاوپاشەکەی من زۆر سووکە و هیچ ئاوی تێدا نییە.
قەندی گیان من کاکتۆسم بۆیە خۆش دەوێ، چونکە ئاو زۆر ناخوازێ .

مامۆستا :


ـ ئاگر دۆست و برادەری باشی ئێمەیە .

ئەگەر ئاور نەبێ ، هیچ کارێک ناکرێ .

لە خوارەوە دا پێنج ئاگران دەبینین.
کامیان لە هەموویان گەورەترە، ئەم نیشانەیە (+) و، کێهەیان
بچوکترینیانە ئەم نیشانەیە (ـ) لە چوارخانەکەیاندا دابنێن.












مامۆستا :

ـ لێرەدا پورە گوڵێ بۆ چێشت لێنان ئاگری داگیرساندووە.



ـ لێرەدا پورە بەسێ بۆ چێشت لێنان ئاگری داگیرساندووە .



ـ ئاگری پورە گوڵێ گەورەترە یان ئاگری پورە بەسێ ؟

ـ پوره گوڵێ خەریکی چێشت لێنانە.
مێردەکەی پوره گوڵی کاتژمێرێکی تر دەگەڕێتەوە ماڵ.
بڵێی چێشتەکەی پوره گوڵێ هەتا ئەوە دەم بگاتێ ؟



ـ پورەبەسێ خەریکی چێشت لێنانە.
ماوەی دوو کاتژمێر دەبێ چێشتەکەی پورە بەسێ لە سەر ئاگرە، بەڵام هیچ دیار نییە چێشتەکەی بگاتێ .



ـ مێردی پورە بەسێ چوار کاتژمێری تر دەگەڕێتەوە ماڵ، بڵێی چێشتەکەی پورە بەسێ هەتا چوار کاتژمێری دیکە بگاتێ ؟

ـ چێشتەکەی پورە بەسێ چوار کاتژمێرە لەسەر ئاگرە. مێردەکەی پورە بەسێ هاتەوە ماڵ، بەڵام چێشتەکەی پورە بەسێ نەگەیشتێ.





چێشتەکەی پورە گوڵێ بە دوو کاتژمێران گەیشتێ، بۆچی وایە ؟

ماموستا :

ـ ئایا ئەمانە دەناسن ؟

ـ ئەمانە بۆچی دەبن ؟

ـ ئایا ئەمانە بۆ یاری پێکردنی دەبن ؟





ـ شاهۆ برا چکۆڵەی شیلانە .
شیلان برا چکۆڵەی خۆی زۆر خۆش دەوێ.
شاهۆ دەست بزێوە و هەرچی لەبەر دەستی دابێ ، کایەی پێ دەکا.
بەڵام شیلان ئاگادارێتی و زۆر جاران بانگی دەکا و پێی دەڵێ :
" شاهۆ گیان بڤ !کورە نەکەی بە قوربان ! "
ڕۆژێک شیلان خەریکی کاری ماڵ بوو.
شاهۆ چاوی بە جگەرە و چەرخی ئاگری باوکی کەوت.
چەرخەکەی هەڵگرت و هەر وەکی باوکی پەنجەی بەسەر دا خشاند.
گڕێکی زەرد لە چەرخەکە هەستا. شاهۆ گڕەکەی دە کراسی باوکی گرت و سوتاندی. شاهۆ بە هەڵپەڕکێ و پێکەنینەوە بە دەوری ئاگرەکە دا دەگەڕا و شادی دەکرد.
شیلان هاتە ژوور و لە ئاگرەکە ترسا.
شیلان ستڵێکی پڕ لە ئاوی هێنا و ئاورەکەی پێ کوژاندەوە.
شاهۆ بۆ ئاگرەکەی گریا.
ئێوە پێتان وایە ئەگەر شیلان لە ماڵەوە نەبوایە، چ دەبوو ؟



مامۆستا :

ـ ئاسكۆڵ و ناسكۆڵ خەریكی ئاگر كردنەوەن.



ـ لێرەش دا شوانە و گەزیزە خەریكی هەمان كارن.




ـ ئاگری كامیان گەورەتر و بەگڕتر دەبێ ؟

مامۆستا :
ـ ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ لە نزیک دارستانێکدا ئاگرێکی گەورەیان کردەوە.
ئەوان دەیانزانی لە ژێر درەختەکانی دارستانەکەدا چەند شارە مێرووی تێدایە.
دەیانزنی لە سەر لکی دارەکانیش دا زۆر باڵندە هێلانەیان هەیە و لە هێلانەکانیش دا هێلکە و بێچولەی زۆری تێدایە.

بەڵام ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ هەر ئەمەیان نەدەزانی کە بایەکی توند بەڕێوەیە و دوای کاتژمێرێکی تر دەگاتە ئەو شوێنە و ئاگرەکەیان دەکێشێتە نێو دارستانەکە و هەرچی تێیدایە ، یەکجێ دەیان سووتێنێ .



ـ ئەم گیاندارانە لەو دارستانە دا دەژیان ، کە ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ ئاگریان لە نزیک ماڵەکەیان دا کردەوە.
ناسکۆڵ و شوانە و ئاسکۆڵ ئەودەم نەیانزانی(با)یەکی توند بەڕێوەیە و ئاگرەکەی ئەوان دەکێشێتە دارستانەکەوە و ماڵ و هیلانەی هەموویان یەکجێ دەسووتێنێ.



ـ دارستانەکە بە هەموو گوڵ و دار و درەخت و گیاندارەکانیەوە سووتان .
ـ ئاگرەکە ئەوەندە گەورە بوو ، بە کەس نەکوژایەوە .

ـ هەر ئەودەم کە دارستانەکە دەسووتا، گیاندارەکان دەیانگوت:
" بریا ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ ئەم ئاورەیان لە نزیک ماڵی ئێمە دا نەکرابایەوە!"



مامۆستا :

ـ کاک سامان دوو کچی هەیە .

کچە گەورەکەی کاک سامان ، گەزیزەی ناوە .

گەزیزە و ئازیزە خۆشەویستی دایک و باوکیانن .

کاک سامان بەرخێکی بۆ گەزیزە کڕی.

بەرخەکەی گەزیزە سپی و خوێن شیرینە.

بەرخی گەزیزە جار جار دەبالێنێ .



بەرخ گیا دەخوا .

گەزیزە لە ڕۆژ دا دوو جاران بەرخەکەی دەباتە باخچە .

بەرخەکەی گەزیزە هەتا دەتوانێ لە گیای مێرگەکە دەخوا .

مامۆستا :

ـ کاک سامان سەگێکی بۆ ئازیزە کڕی .

سەگ وەک بەرخ گیا ناخوا. سەگ نان و ماست و گۆشت دەخوا.

سەگی ئازیزە دەگەڵ بەرخەکەی گەزیزە یەکتریان خۆش دەوێ .

گەزیزە و ئازیزە بەرخ و سەگەکەیان پێکەوە دەبەنە باخچە.

گەزیزە و ئازیزە پێکەوە و، سەگ و بەرخەکەش پێکەوە یاری دەکەن.



www.gagesh.com


ماموٚستا :

ـ من پەنجەم دەخەمە سەر یەک یەکی ئەم گیاندارانەی خوارەوە و
ئێوەش ناوکەیان بڵێن !



مامۆستا :

ـ من پەنجەم دەخەمە سەر یەک یەکی ئەم گیاندارانەی خوارەوە و ئێوەش ناوکەیان بڵێن!



www.gagesh.com

مامۆستا :

ـ ئەمای لە ژێرەوە دەیان بینن، خەریکی چین و چ دەکەن ؟









مامۆستا :

ـ ئێوە پێتان وایە ئەم کوڕە چ دەکا، کە:

" سەگەکە گوێچکەی گرتووە؟ "

" کەرەکە لە ترسان چاوی بز بۆتەوە؟ "


" کوڕ و کچەکە گوێچکەیان گرتووە ؟ "

" کەرەکێوی لە ترسان هەڵدێت؟ "

" مانگاکەش ڕادەکا ؟ ".

تفەنگ بە دەستەکە دەیەوێ چی بکوژێ ؟

ئایا پەپولە بۆ کوژتن دەبێ ؟



ـ لێره دا، کوڕ و کچەکان، دوو بە دوو خەریکی چین و چ دەکەن ؟
ئێوه پێتان خۆشه له کام ماڵ دا یاری بکەن؟
کێهه ماڵتان پێ خۆشه، له چوارخانەکەیدا نیشانەیەک دابنێن.
من پێم خۆشه له هەر چوار ماڵەکاندا یاری بکەم، ئەگەر دەکری ئێوه
نوێنەری من بن و له جیاتی من ئەم نیشانەیه + له هەر چوارماڵەکاندا
دابنێن.









مامۆستا :

ـ شادان و شێرکۆ خوشک و بران.

شێرکۆ دەگەڵ شادان شەڕی کرد. شادان براکەی خۆی خۆش دەوێ و حەز ناکا شەڕی لە گەڵدا بکا.

بەڵام شێرکۆ پاڵێکی توندی بە شادانەوە نا و خستی.




ـ شادان کەوت و دەستی چەپی شکا.




باش بوو هەر ئەو دەم باوکیان هاتەوە ماڵ .
باوکیان خێرا شادانی بردە لای دوکتۆر.

ـ دوکتۆرەکان هاتن و شادانیان دیت.



دوکتۆری تایبەتی ئێسقان گوتی : " دەستی شادان دەبێ تیشکی لێ بدرێ و عەکسی لێ هەڵبگیرێتەوە .
خانم دوکتۆرێک شادانی دەگەڵ خۆی برد و باوکی شادان لە دەرەوە چاوەڕوانی ڕاوستا .







ـ ئەمە دوکتۆری (ئۆرتۆپێد)ە.




ئۆرتۆپێد، دوکتۆری تایبەتی ئێسقانە.
دەستی شادان تیشکی لێدرا و عەکسی لێ هەڵگیرا.
ئۆرتۆپێد گوتی :
ـ دەستی شادان دەبێ هەڵبەسترێتەوە و هەتا دوو مانگان لە ژێر چاوەدێری ئێمە دابێ.

ـ دەستی شادان دەرمان کرا و بە باندێکی نەرم هەڵپێچرایەوە.

ئەگەر باوکی شادان ، خێرا شادانی نەیگەیاندبایە لای دوکتۆر، بڵێی شادان بەو دەستە بە ئازارەی کاری پێ کرابایە ؟

کەسێک کە نەخۆش بێ، یان تووشی ئازارێک بێ، پێویستە زۆر زوو بچێتە لای دوکتۆر.









مامۆستا :

ـ ئەمانەی خوارەوە، کامیان نەشکاون ئەم نیشانەیان بۆ دابنێن. +





مامۆستا :

ـ سارا سێ جوجەڵەی زەرد و وردیلانەی هەیە.


ڕۆژانە، سارا چوار جاران دەیانباتە حەوشە و لەوێ دانیان دەداتێ .

جوجەلەکان لە سارا دوور ناکەونەوە .


هەر کە سارا لە دوورەوە پشیلەیەک دەبینێ، گورجێک هەڵیان دەگرێ و دەیانباتەوە ژوور.

دایکی سارا پێی گوتبوو کە ئەگەر سارا چاوی بەسەر جوجەڵەکانیەوە نەبێ، پشیلە دەیان دەخوا.







ـ ڕۆژێک سارا دەگەڵ جوجەڵەکانی دانیشتبوو .
لەپڕ دیتی ئەوە مێرووولەیەک لێیان نزیک دەبیتەوە.
سارا ترسا و بە مێرووولەکەی گوت :
" ڕەشە گیان لە جوجەڵەکانی من دوور بەوە . جوجەڵەکان چاوی منن .
ئەگەر جوجەڵەکانم لێ بخۆی، منیش بە دایکم دەڵێم چاوت دەرێنێ ".
ـ ئەرێ پێتان وایە مێرووولە بتوانێ جوجەڵەکانی سارا بخوا ؟




ـ مێرووڵەکە گەڕاوە دواوە، بەڵام زۆر نەڕۆیشت کە یەکێک لە جوجەڵەکانی سارا گرتی و خواردی .
سارا بەزەیی بە مێرووڵەکە دا هات و بە جووجەڵەکەی گوت:
" زەردەی چاو شین ئەوە بۆ ڕەشەت خوارد؟ ناترسی پشەکەش تۆ بخوات؟"



ـ سارا بە خاڵخاڵۆکەکەی گوت :
" خاڵخاڵۆکە وردیلانە بڕۆ بەم لاوە ! جوجەڵەکانی من چاویان پێت بکەوێ دەت خۆن .



ـ ڕۆژێکی تر سارا دەگەڵ جوجەڵەکانی چوو بوونە دەر. لەپڕ کیسەڵێکیان لێ نزیک بۆوە. سارا گوتی :
"کیسەڵ گیان ئەگەر زوو لێرە نەڕۆی ، جوجەڵەکانم دەت خۆن".




ـ ئێوە پێتان وایە جوجەڵەکانی سارا بتوانن کیسەڵەکە بخۆن ؟

ماموٚستا :

ـ لێرە، ئەسپ و سەگ و کیسەڵ و خاڵخاڵۆک و جاڵجاڵوک دەبیندرێن.

گەورەتر لە هەموویان کامیانە، ئەم نیشانەیەی لە چواخانەکەی دا دابنێین. ( + )

چکۆڵەتر لە هەموویان کامیانە، ئەم نیشانەیە لە چوارخانەکەیدابنێن. ( ـ )



مامۆستا :

ـ تارا کچی خاوەرخانە . خاوەرخان مامۆستای فێرگەیە.

تارا زۆرجاران دەچێتە فێرگەکەی دایکی و دەگەڵ منداڵەکان کایە دەکا.

هەر ئێستا بەفر دەبارێ و تارا لە نێو بەفر دا دەگەڵ منداڵەکان سواری ڕەوڕەوەی خلیسکێن بووە.

تارا و منداڵەکان لەسەر ڕەوڕەوەی خلیسکێن دادەنیشتن و لە هەورازی گردی فێرگەوە دێنە خوار.

ئێوە پێتان وایە ڕەوڕەوەی خلیسکێنی تارا توند و خێرا دەڕوا یان سەبر و هێدی ؟

لە چی ڕا دەزانن ؟!



- بێری چ دەکا و خەریکی چییە ؟

من پێم وایە هەر ئێستا بێری خۆشحاڵە ؛ ئێوە پێتان وایە بێری لە چ حاڵ دایە ؟

بەچی دەزانن بێری خۆشحاڵە یان دڵتەنگە؟



ـ ئەم کچە ناوی ( هەنار)ە.
هەنار لە ماڵی دەستەخوشکەکەی دەگەڕایەوە ماڵی خۆیان.
لە دوورەوە زەردەواڵەیەکی دیت.
هەر ئێستا هەنار لە چ حاڵ دایە ؟
من پێم وایە هەنار لە دیتنی زەرگەتەکە خۆشحاڵە و پێدەکەنێ.
ئێوەش پێتان وایە هەنار زەردەواڵەی خۆش دەوێ ؟
کێ پێی وایە هەنار لە زەرگەتە دەترسێ ؟
بە چی دەزانن هەنار زەرەدەواڵەی خۆش دەوێ یان لێی دەترسێ؟



مامۆستا :
ـ هەموو گیاندارێک بۆ حەسانەوەی خۆی و منداڵەکانی، دەبێماڵێکی هەبێ .
سەیری ئەم باڵندە بچووکە بکەن و ماڵەکەی ببینن .



باڵندەکە مالێکی خاوینی هەیە .
باڵندەکە هێلانەکەی خۆی لە کوێ ساز کردووە ؟
چەند بێچوولەی هەیە ؟
دایکەکەیان چ دەکا و خەریکی چییە ؟
ئەم باڵندەیە و بیچوولەکانی لەم ماڵە خاوێنە دا باش دەحەسێنەوە .

ـ ئێستا سەیری هێلانەی ئەم باڵندە نەخشینە بکەن !



ئەم باڵندەیەش ماڵی خۆی لە شوێنێکی خاوێن دا ساز کردووە .
بێچولەکانی ئەم باڵندەیەش لە ماڵی خۆش و خاوێن دا باش دەحەسێنەوە.
ئەم باڵندەیە ماڵی خۆی لە کوێ دا ساز کردووە؟
هەر ئێستاکە، باڵندەی دایک خەریکێ چییە و چ دەکا ؟
لە هێلانەکەدا چەند بێچولە دیارن ؟

ـ ئەمماڵە لە کوێ دا ساز کراوە ؟
لەم هێلانەیە دا چەند باڵندەی تێدایە ؟
ئەم بەچکە مراوییانەش لەم هێلانە خۆش و خاوێنەدا باش دەحەسێنەوە.



ئێوە پێتان وایە هێلانەی ئەم مراوییانە کێ خاوێنی دەکاتەوە ؟
خاوێن ڕاگرتنی ماڵ، لە ئەستۆی ئەو کەسانەیە کە تێیدا دەژین.
ئەگەر بەچکە مراوییەکان ماڵی خۆیان خاوێن ڕانەگرن، چ دەبێ؟

ـ لەم هێلانەیە دا باڵندەی تێدا نییە .
ئێرەماڵی بەچکە ڕێوییەکانە .



ئەم هێلانەیە، دایکی بەچکە ڕێوییەکان سازی کردووە.
پووش و گژ و گیای وشکی بۆ هێناوە و ماڵێکی خۆش و خاوێنی ساز کردووە.
منداڵەکان دەزانن ئەگەر ماڵەکەیان خاوێن ڕانەگرن، نەخۆش دەکەون.
دایکی بێچووە ڕێوییەکان هەر ئێستا بە شوێن خواردن دا دەگەڕێ.
هەرکە دایکیان گەڕایەوە، ئەوان لە ماڵ دێنە دەر و لە (مەمە)ی دایکیان شیر دەخۆن.

ـ لێرەدا کەروێشک ماڵی ساز کردووە.
ماڵی کەروێشک خاوێن و خۆشە.



بەچکە کەروێشکەکان لە ماڵی خاوێن و خۆش دا خەویان لێ کەوتووە و باش دەحەسێنەوە.
دایکیان ، بۆ گێزەر خواردن چۆتە نێو باخچە.
دایکی ئەم بەچکە کەروێشکانە هەتا دەتوانێ گێزەر و گیای بۆن خۆش دەخوا . هەرکە هاتەوە ماڵ، بێچوولەکان دێنە دەر و لە گوانی دایکیان شیر دەمژن.
بێچوولەکان دەازنن ئەگەر ماڵەکەیان پێس ببێ، بۆن دەگرێ و ناتوانن باش تێیدا بحەسێنەوە.

ـ سەیری ئەم هێلانە خاوێنە بکەن .
لەم هێلانە خاوێنەدا، چەند هێلکان دەبیین ؟



ئەم هێلانەیە ئێستاکە بێدەنگە، بەڵام پاش چەند ڕۆژی تر گوێمان لە جریوەی بێچولەکان دەبێ کە دایکیان بانگ دەکەن و دەڵێن
" دایە وەرەوە برسیمانە" .
دایکیشیان دێتەوە و خواردنی باشیان بۆ دەهێنێتەوە.
چوار بێچولەکان لە دایکیان فێر دەبن کە ماڵی خۆیان خاوێن ڕابگرن.

ـ ئێستا لە هێلانەی ئەم باڵندانە و لە ماڵی ئەم دایە خانمەش بڕوانن.
ئێوە لە دیتنی هێلانەی باڵندەکان خۆشحاڵتر دەبن یان لە بینینی ماڵی
دایە خانم ؟






ـ سەیری ئەم ماڵ و باخچە جوان و خاوێنانە بکەن .
ئێوە پێتان وایە چ کەسانێک بۆ خاوێن ڕاگرتنی ئەم ماڵ و باخچە خۆش و خاوێنانە، کاریان کردووە ؟



ئایا ئەم باخچە و ئەم ماڵە خۆشانە، بە تاکە کەسێک خاوێن دەکرێنەوە؟
ـ نەخێر !
بۆ ئەوەی کە هەموو باخچە و ماڵەکان خاوێن و خۆش ببن، دەبێ خێزانی هەر ماڵێک، ماڵ و باخچەی خۆی خاوێن ڕابگرێت. ئەوەدەم هەموو وڵات خاوێن و خۆش دەبێ و هەموو خەڵکەکە تێیدا دەحەسێنەوە .

ـ سەیری ماڵی ئەم مامەیە بکەن !
ئایا ئێوە لە دیتنی ماڵی ئەم مامەیە خۆشحاڵ دەبن ؟
ئایا ئێوە پێتان وایە، ماڵی ئەم مامەیە جێی حەسانەوەیە و بۆ حەسانەوە دەبێ؟



- سەیرێکیماڵی ئەم مریشکە بکەن و دوایەش لە ماڵەکانی ژێروو بڕوانن.





کامەیان خاوێن و خۆشترن؟

نەخۆشی دەتوانێ میوانی کامیان ببێت ؟


مامۆستا :

ـ ئەمە شەیتانۆکەیە .

شەیتانۆکە، (حەلەزون)یشی پێ دەڵێن.




ـ لەم چوار ماڵانەی ژێرەوە دا، شەیتانۆکەکە لە کوێ دا دەبیندرێ.



ـ ئەمەش شەیتانۆکەیەکی دیکەیە.



ـ ئەم شەیتانۆکەیە قوتیلەیەکی کردۆتە ماڵ. دەمێک دەچێتە ژوور و دەمێک دێتە دەر. لە ژێرەوە، شەیتانۆکەکە لە کوێ دا دەبیندرێ ؟



مامۆستا :

ـ من پەنجە دەنێمە سەر یەک یەکی ئەم ماڵانە، ئێوەش پێم دەڵێن کە ئەمانە چی دەکەن .










---










ماموٚستا :

ـ زریان کچێکی ساوایە و تازە لە دایک بووە.

دوکتۆر بە وردی گوێ دەداتە دەنگی دڵی زریان .

دوکتۆر بە دایکی زریان دەڵێ : زریان منداڵێکی ساغە.


زریان حەزی لە خەوتنە و، هەر دەخەوێ .







ـ زریان گەورە دەبێ و دەگاتە تەمەنی شەش مانگی .
زریان لە تەمەنی شەش مانگی دا دەتوانی دابنیشێت.
زریان لە تەمەنی حەوت مانگی دا گاگۆڵکە دەکا.
زریان لە تەمەنی یەکساڵی دا دەتوانێ بڕوا.






ـ سیروان هەشت مانگانەیە و هێستا پێی نەگرتووە.
ڕۆژانە بە نێو ماڵدا گاگۆڵکە دەکات و هەرچی ببینێ، بۆی دەچی و هەڵی دەگرێ و لە دار و دیواری دەدا .
هەر ئێستا سیروان خەریکی چییە ؟
ئایا ئەم (چنگانە)ی کە سیروان خەریکە لەو شوێنەی بە تاقی دەکاتەوە، مەترسی و خەتەرەی پێوەیە ؟
کاتێک کە سیروان نەخەوتووە و بە ژوورەکانی ماڵدا دەگەڕێ، دایکی سیروان دەبێ چی بکات کە هیچ خەتەرەیەک نەیەتە پێش ؟



ـ سامان منداڵێکی نۆ مانگانەیە. سامان هێشتا پێی نەگرووە و بە گاگۆڵکە بە ژوورەکان دا دەگەڕێ. سامان حەز لە خواردن و خواردنەوە دەکات و هەرچی لەبەردەستان بێ ، بۆ دەمی دەبات و بەتاقی دەکاتەوە.
سامان هەر ئێستا خەریکە چ شتێک بەتاقی دەکاتەوە ؟
ئەگەر ئەمانەی کە لە بەر دەستی سامان داندراون، بیخوات، تۆ بڵێی چ بقەومێ ؟
کاتێک سامان بە ژوورەکاندا دەگەڕێ، دایکی سامان دەبێ چی بکات کە سامان لە خەتەر بەدوور بێت ؟



ـ ڕامان تازە پێی گرتووە .
ڕامان لەم سەری ماڵ بۆ ئەو سەری دەڕوا ، بەڵام زۆر جاران دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە.
ڕامان زۆر بزۆزە و هەرچی ببینێت، بۆی دەچی و دەستی دەداتێ .
هەر ئێستا، ڕامان خەریکی چییە؟
ئایا ئەم کارەی کە ڕامان دەیکات، هیچ مەترسی و خەتەرەیەکی هەیە ؟
دایکی ڕامان دەبێ چی بکات، کە ڕامان هیچ مەترسی و ختەرەیەکی بۆ نەیەتە پێش ؟



مامۆستا :

ـ لێرەدا ئەم شتانە دەبینین :

چوار بەلەم لە دەریایەکی پان و شین دا.

ماڵی خەڵک لە دوو بەری چۆمێکی درێژ دا.

لە لایەکی ئاسماندا هەتاوێکی گەرم ، ئاوی دەریاکەی گەرم کردووە.

لە بەرێکی ئاسماندا چەند پەڵە هەور دیارن.


لە سەرەوەی ماڵەکاندا باران دەبارێ.

ئاوی باران کۆ دەبێتەوە و دەڕژێتە نێو چۆمەکەوە.

ـ ئێوە پێتان وایە، چۆمەکە دەڕژێتە کوێوە ؟



ـ خۆرەتاوی گەرم ، ئاوی دەریاکان گەرم دەکات .
هەڵمی ئاوی دەریاکان بەرەو ئاسمان دەچێت .
لە بەرزایی ئاسماندا هەڵمەکان یەکتر دەگرنەوە و دەبنە هەور .
هەورەکان لە جێی سارد دا دەبنەوە باران و دەڕژێنە خوارەوە.
ئاوی باران تێکەڵی چۆمەکان دەبن و دەڕژێنە ناو دەریاکانەوە .
هەر شوێنێک کە ئاوی لێ بێ، دار و دەرخت و گژ و گیا و هەمە چەشنە گیانداری لێ دەبێ .
شوێنی بێ ئاو، گیاندار میوانی نابێ .



ـ ئەم کوڕە چەند ماسی پێیە ؟
ـ ئێوە پێتان وایە ماسی لە کوێ دا دەژی ؟ ئێوە قەت ماسیتان گرتووە ؟
ئێمە دەزانین چۆم و دەریاکان لە ئاوی باران پێک دێن .
ئاوی باران خاوێنە و چۆمەکانیش خاوێنن . بەڵام ئێمەین کە ئاوی چۆمەکان پیس دەکەین.
هەر یەک لە ئێوە دەتوانن بۆ خاوێن ڕاگرتنی چۆمەکان تێ بکۆشن.
لە داهاتوو دا ئێوەیش گەورە دەبن و لە شار و وڵاتی خۆتاندا دەتوانن خەڵک هان بدەن بۆ خاوێن ڕاگرتنی ژینگەی خۆتان. ئەگەر هەر کەس ماڵی خۆی خاوێن ڕابگرێ، هەموو دنیا خاوێن دەبێتەوە .



ـ ئەم كوڕە چ دەكا ؟

ئەگەر ئاو نەبێ ، ئەم كوڕە دەتوانێ بەلەمەكەی بازۆێ ؟

ئەگەر ئاوی چۆمەكە پیس و ژاراوی بێ، خواردنەوەی ئاو و مەلەكردن و ماسی گرتن و بەلەم ئاژواندنی تێدا كارێكی باش نییە.



ـ ئەم کوڕ و کچە چ دەکەن ؟
ئەگەر باران نەبارێ ، بڵێی ئەم کچ و کورێ تینووە ئاویان بگاتێ و تینوایەتییان بشکێ ؟
ئاوی خاوێن باشترین خواردنەوەیە بۆ ئێمە .
ئاوی ناخاوێن و پیس، نەخۆشی دێنێت .



ـ بێری زۆر جاران یارمەتیی دایکی دەکات .
بێری لـه شوردنـی جلکی برا چکۆڵـەکەی دا زۆر شارەزایـه.
بێری ئاو دێنێ و جلکی برا بچکۆڵەکەی خۆی دەشوات.
ئـەگەر ئاو نـەبێ ، بڵێی بێری بتوانێ جلکی برا گچکەکەی بشوات ؟



ـ ئەرێ سوێسنە و ساسان لە چۆم دا مەلە دەکەن ؟
ـ لە دەریا دا مەلە دەکەن ؟
ـ نەخێر لە (گەرماو = حەمام)ی ماڵی خۆیان دا مەلە دەکەن .
دایکیان ئاوی سارد و گەرم (شیلەوتین)یان ئەوەندە بۆ دە(وان)ەکە دەکات، کە سوێسنە و ساسان بتوانن تێیدا مەلە بکەن.
ـ ئەگەر باران نەبارێت و ئاو بە چۆمەکاندا نەیە ، بڵێی ئێمە بتوانین لە ماڵەکانی خۆماندا ئاوی خاوێنمان هەبێ کە مەلەی تێدا بکەین ؟



ـ لێرەدا پورە حەلیمە و منداڵەکانی دەبینین .
سەبری و سیروان دەگەڵ پورە حەلیمە هاتوونەتە چۆم .
پورە حەلیمە جلک و قاب و زەرفەکانی خۆیان دێنێتە چۆم و دە ئاوی چۆم دا دەیان شوات .
پورەحەلیمە دەزانی شوردنی جلکی چڵکن و زەرفی چەور، ئاوی چۆم پیس دەکات، بەڵام لەو دێیەی کە پورە حەلیمە لێی دەژی، دەوڵەت ئاوی بۆ نەکێشاونەتە نێو دێ. هەربۆیە پورە حەلیمە و خەڵکی دێ ناچارن جلکی چڵکن و زەرفی چەوری خۆیان بە ئاوی چۆم بشون.
هەموو جارێکیش کە سەبری و سیروان دەگەڵ دایکیان دێنە چۆم، سەبری جلکی بوکە پەڕۆی خۆی بە ئاوی چۆم دەشوات و سیروانیش جار جار ماسی دەگرێ و هەندە جارێکیش مەلە دەکات.
ئەگەر دەوڵەت بۆ خەڵکی دێهات ئاو بکێشێتە نێو ماڵەکانی دێ، ئەودەم هەر کەس لە ماڵی خۆیدا خاوێنی ڕەچاو دەکات و ئاوی چۆمەکانیش پیس نابن.
پورە حەلیمە و سیروان و سەیران دەزانن نابێ لە ئاوی چۆمدا جلکی پیس و زەرفی چەور بشۆن، بەڵام ناچارن .




ـ لە سەرەوە، دوو بێستانی گەورە و لە خوارەوەش چۆمێک دەبینین کە مراوی تێیدا مەلە دەکات.

هەموو کاری ئێمە بە ئاو چارەسەر دەبێت. ئێمەیش دەبێ قەدری ئاو بزانین و ئەوەندەی بۆمان دەکرێ خاوێنی ڕابگرین. دەکار کردنی ئاوی زۆر ، کارێکی باش نییە. ئەوەندەی کە پێویستمانە، دەبێ ئاو دەکار بێنین.

ئەوەندەی کە ئاو خزمەت بە ئێمە دەکا، ئێمەیش دەبێ سەت ئەوەندە خزمەتی ئاو بکەین .







www.gagesh.com

مامۆستا :


ـ وەرزش، بۆ ساغی لەشی مرۆڤ باشترین بەرنامەیە. ئەوانەی وەرزش دەکەن، لەشیان ساغە و مێشکیشیان باش کار دەکات.


ئێوە کام یەک لەم وەرزشانەتان پێخۆشە ؟

وەرزش بۆ ژن و پیاو یەکسانە . هەر وەرزشێکی کە ژن بیکات، پیاویش دەتوانێ بیکا.










ـ لێرەدا پیاوەکان لە پێشترن، یان ژنەکان ؟





ـ دوای وەرزش کردن، خاوێنی لەش باشترین بەرنامەیە .





- وەرزش و خاوێنی و خواردن، سێ بەرنامەی باشن بۆ ساغ ڕاگرتنی لەش.

لە خواردن دا، ئێمە دەبێ سەوزی و میوەمان قەت لەبیر نەچێت.
خواردنی ئەمانەی ژێرەوە، بۆ ساغ ڕاگرتنی لەش زۆر پێویستن.








ماموٚستا :


ـ ئێمەیش دەتوانین هەر لە ئێستاکەوە دەست بکەین بە وەرزش کردن و ئەندامەکانی لەشمان ڕێک و پێک بکەین.


ـ لێرەوە، دە جاران ئەو کارە دەکەین کە لە هەر ماڵێکدا دەیان بینین:














1
2



1
2



1
2



1
2


1
2


1
2


1
2


1
2


1
2

مامۆستا :

ـ ئاكۆ و ئاسۆ ، دوو برادەری خۆشەویستی یەكترن.

ئاكۆ و ئاسۆ پێكەوە دەچنەوە فێرگە و لە یەك پۆل دا دەرس دەخوێنن.




ـ کاتێک ئاسۆ کتێب دەخوێنێتەوە، کتێبەکە لە چاوی نزیک دەکاتەوە.
ئاکۆ زۆرجاران پێی دەڵێ :
" ئاسۆ گیان چاوەکانی تۆ کزن. چاوی کز دەبێ بچێتە لای دوکتۆری چاو.
ئەودەم ئەگەر چاویلکەی پێویست بێ، دوکتۆر بۆی دەنووسێ چ چەشنە چاویلکەیەک بۆ ئەو چاوە باشە...
بەڵام ئاسۆ ئەم قسانەی ئاکۆی پێ ناخۆشە و گوێی ناداتێ .
ـ ئایا ئێوە پێتان وایە قسەی ئاکۆ ڕاست و دروست ترە، یان قەڵس بوونی ئاسۆ ؟




ـ شوانە برای گەزیزەیە . شوانە لە پۆلی چوار دایە و گەزیزە لە پۆلی دوو.
کاتێک کە لە ماڵدا دەرسەکانیان دەور دەکەنەوە، شوانە لە سەر زگ ڕادەکشێت و دەنووسێ و دەخوێنێتەوە.
زۆرجاران گەزیزە پێی دەڵێ :
" کوڕە شوانە گیان هەستە لەسەر کورسیلەکەت دانیشە و دەرسەکانت دەور بکەوە ، ئەگینا چاوەکانت کز دەبن ! "
بەڵام شوانە گوێی ناداتێ.
ـ ئێوە پێتان وایە دەور کردنەوەی گەزیزە شێوەیەکی باشترە، یان هی شوانە ؟




ـ سارا خوشکی سارمە.
سارم هەموو ڕۆژێک دوو چیرۆکان بۆ سارا دەخوێنێتەوە.
سارا چیرۆکی کوردی زۆر پێ خۆشە.
سارم چیرۆک بۆ سارا دەخوێنێتەوە و سارا میوە بۆ سارم دێنێ.
سارم میوەی زۆر پێ خۆشە.
سارم دەڵێ : هەرکەس میوە زۆر بخوا، قەت نەخۆش نابێ.



ـ گەزیزە خوشکی چیایە.
چیا پێی خۆش نییە چیرۆک بۆ گەزیزە بخوێنێتەوە.
چاوەکانی چیا کزن.
دوکتۆری چاوان چاویلکەی بۆ چیا نووسیوە و باوکی بۆی کڕیوە، بەڵام چیا دە چاوی ناکا.
گەزیزە زۆرجاران پێی دەڵێ: چیا گیان بۆ ئەوەی چاوەکانت کزتر نەبن، دەبێ چاویلکە دەچاوت بکەی. ئەوەتا ئەم مامە فیلەش چاویلکەی دە چاوی کردووە.



ـ بەرازێک لە شوێنێک دەژیا. باڵندەیەک هاتە لای و لێی پرسیّ :
مامە بەراز ئەتۆ بۆ ئەوەندە ساغ و گورج و بەتوانای ؟
بەرازەکە گوتی :
ئەمن لە ڕۆژ دا زیاتر لە بیست کیلۆ میوە و سەوزی و دانەوێڵە دەخۆم.



مامۆستا :

ـ لێرەدا ئەمانە دەبینین :


دوکتۆرێک ، کچێک ، وەستاکارێک ، فوتبۆڵیستێک .

لە نێویانێشدا ئەم شتانە دەبینین :

تۆپێک ، تەختە سەوزێکی نووسین، قوتویەکی پڕ لە بۆیە (ڕەنگی سوور) و دەزییەک .

هەر یەک لەم کەسانەی کە لێرەدا دەیان بینین، دەگەڵ یەکێک لەم شتانە پەیوەندییان هەیە .


ـ هەر یەک لە کەسەکان بەو شتە بلکێنن ، کە کاری پێدەکەن.



مامۆستا :

ـ ئەم سێ کچانە خوشک نین، بەڵام دەستەخوشکن.
هەر سێیانیان پێکەوە لە یەک گەڕک دەژین و دراوسێی یەکترن.
ڕۆژانە پێکەوە دەچنەوە فێرگە و پێکەوە دەگەڕێنەوە ماڵ.

ـ ئێوە بە وردی سەیری ئەم سێ دەستە خوشکە بکەن و بڵێن هەر سێیانیان لە چ شتانێک دا چەشنی یەکن ؟



مامۆستا :

- خەجێ و بەسێ ئامۆزان.

خەجێ دوو مانگە پارە کۆ دەکاتەوە .

بەسێ چوارمانگە پارە کۆ دەکاتەوە .

پارەی بەسێ زۆرترە لە پارەی خەجێ .

دایکی بەسی دەڵی : ئەگەر کچی من دوو ساڵ پارە کۆ بکاتەوە، دەتوانێ کۆمپیوتەرێک بۆ خۆی بکرێت .

دایکی خەجێ دەڵێ: ئەگەر کچی من چوارساڵ پارە کۆ بکاتەوە، دەتوانێ دەگەڵ من و باوکی بێتەوە کوردستان و ماوەیەک لەماڵی خاڵەکانی دا بمێنێتەوە.

خەجێ و بەسێ دەڵێن : ئێمە هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی پارەی خۆمان کۆ دەکەینەوە، ئەودەم دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان درێژە بە خوێندن بدەین و یارمەتی کەسیشمان پێویست نابێ .

